# لیستی ڕەش بۆ ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان !!
# یان بۆ ئەو دەسەڵات و دام و دەزگایانەی سەرکوتی ئازادی دەکەن

ڕێبین فاروق
reben_faruq@yahoo.com



دووابەدوای ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی لێرەو لەوێ باس باسی لیستی ڕەشە بۆ ڕۆشنیران و ئازادیخوازان ، کەگوایە ئەم لیستە ڕەشەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە بەزمانی زبر دەنوسن و دەدوێن و ڕەخنەی توند لە دەسەڵات و لەم حکومەتە گەندەڵ و بێسەرەو بەرەیە دەگرێ و ئەم لیستە ڕەشە بۆ ئەو کەسانەیە کەپەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی و حکومەتەکەیان لادەدات .

ئەم لیستە ڕەشەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردی ، شتێکی زۆر شازنییە کە تەوەقوعی شتێکی لەم جۆرەیان لێ نەکرابێ ،دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەردەوام ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و میدیاکان و بزوتنەوە جەماوەرییەکان و ئەو حیزب ولایەنانەی کە گوێڕایەڵی سیاسەتەکانیان نەبوبێ بە پاساوی بێ بنەما ناوزەند و تاوانباریان کردووە ، وەك ئەم بزوتنەوە جەماوەرییەو ئەم خۆپیشاندانەو ئەم ڕۆژنامەیە دەستێکی ڕەشی لە پشتەوەیە ، یاخود ئەم نوسینەو ئەم ووتەیە خەتەر بۆ ئەمنی قەومی دروست دەکات ، جارێك بە گێرە شێوێن تاوانبار دەکرێن و جارێك هێڵە سووری یەکێتی و پارتی بەزێنراوە و لە موقەدەسات و لە دین دراوە و جارێك دەڵێن نابێت دڵی دۆستانی وەك جمهوری ئیسلامی و مەلاو شێخ و تەکیەو پیاوانی نەزانی ئیسلامیمان لێ بڕەنجێنن و جارێك نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەوە تاوان بار دەکرێ کەگوایە مۆلەتیان نییە و خزمەت بە تیرۆر و تیرۆریستان دەگەییەنن و جارێك بەتوندڕە و بیری هەرزەکارانە تاوان بار دەکرێن .

پاساوی ئەم جارەیی یەکێتی و پارتی کە سەرکوتی ئازادی ومخالفینی خۆیانی پێ بکات زمانی زبر ئاخاوتنە ، بەڵام مندەپرسم خۆ میدیاکان و نوسەران و ڕۆشنبیران تانك و زرێپۆش و قومبەلەو تۆپیان پێ نییە تا لیستی ڕەشەشیان بۆ بکەنەوە ،خۆ ئێوەش بە حسابی خۆتان قەڵەم بەدەستان هەیە بۆ جوابی ڕوشنبیران و نوسەران و میدیاکان داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانتان پێنادرێتەوە ، ئێوە ئەو کەسانەی پێویستە لیستی ڕەشیان بۆ بکەنەوە ، لەپێشی پێشەوە پێویستە لیستی ڕەش بۆ خۆتان و بۆ نوسەرە جنێو فرۆشەکانی کاتی شەڕی ناوخۆتان بکەنەوە و پێویستە لیستی ڕەش بۆ حکومەتە گەندەڵوییەکەتان بکەنەوە ،پێویستە لیستی ڕەش بۆ دۆستە ئیسلامییەکانتان بکەنەوە کە ئینسان بە سەر ئینساندا دەتەقێننەوە ، بەڵام ئێوە لابەرامبەر ئیسلامییەکان و پیاوانی نەزان و تیرۆریستی ئیسلامیدا ملتان لەموو باریکترە ، ئێوە پێویستە لیستی ڕەش بۆ ئەو کەسانە بکەنەوە کە لە میمبەری مزگەوتەکانەوە و لە شاشەی TV کانەوە فتوای کوشتن و تیرۆری بۆ ژنان و ئازادیخوازان دەردەکەن، پێویستە لیستی ڕەش بۆ ئەو کەسانە بکەنەوە کە دەیانەوێت خەڵکی کوردستانیش بەدەردی خەڵکی ئێران خومار و بێ ئاگابکەن و دەیانەوێت خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی تلیاکی ئیسلامییەوە خەوڵێبخەن .

ئەوەتا هەر دووا بەدوای ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی ئەگەر چی تا ئێستا بەڕەسمی لیستی ڕەشیان ڕانەگەیاندووە بەڵام بە عەمەلی دەستیان بە سەرکوتی ئازادی کردووە ، دەسەڵاتی کوردی ئەمەیەکەم جاری نییەو حەتمەن دواجاریشی نابێت لیستی ڕەش و زیندان و ئیهانە کردن و چاو سورکردنەوەو لێدان ، بەرامبەر بە ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان بەکار بهێنێت ، حکومەتی کوردی هەزارو یەك ڕێگەی گرتۆتەبەر بۆ سەرکوت و دەمکوتکردنی ڕوناکبیران و ئازادیخوازان !! بەیاسای کۆنەپەرەستی ئیسلامی و بە پۆلیس و بە زیندان و بە تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکان و داخوازییەکانی خەڵکی ، بەرامبەر بە نوسەران و بەرامبەر بەو کەسانەی کە بە دڵی دەسەڵاتی کوردی کارناکەن ، ئەوەتا هەر لەم ڕۆژانەی ڕابردودا(نەبەز گۆران) ی پەیامنێری ڕادیۆی نەوا لە شارۆچکەی دوکان دەفرێنن و لە زیندان توندی دەکەن تۆمەتی ئەوەی دەدەنەپاڵ کە گوایە دەواو دەرمانی ئیکسپایەرو خراپبوی ئاشکرا کردووە ، دەواو دەرمانێکی ئێکسپایەر دابەشکردن بەسەر خەڵکیدا!! ژەهر دابەشکردنە بەسەر خەڵکیدا، یان وەك هەمووان دەزانین حەملەیەکی بەهێزیان کردە سەر ڕۆژنامەی هاوڵاتی و هەتا بەزیندانی کردن و بە تۆمەتدانە پاڵیان کە گوایە بانگەشە بۆ تیرۆر و تیرۆریستان دەکەن و هەتا لەڕێگەی چەند کەسێکەوە هێرش دەکرێتە سەر تاریق فاتیحی خاوەن ئیمتییازی ڕۆژنامەی هاوڵاتی و لێیدەدەن و برینداریی دەکەن وە مەعلومە لێدان و هەڕەشەو فڕاندن زیندانی کردن دەست ڕەنگینی کێن ، هەوڵی سەرەکی دەسەڵاتی کوردی لە ئێستادا بە پلەی یەك دەیەوێت کارێك بکات تا

سنورێك بۆ internet دابنێت و خەڵكی هەروا بە ئاسانی نەتوانinternet بەكاربێنن ، فەترەیەك بەر لە ئیستا هەوڵك درا كە خەتی internet بە ماڵان نەدرێت ، بەڵام ئەو هەوڵە هەر زوو فەشەلی هێنا ، بەڵام لە هەوڵێكی تریاندا paltalk یان كردە نیشانەو ئێستا هیچ كەسێك لە شاری سلێمانی ناتوانێت بێتە ژووره كوردییەكانی paltalk وە ، هەموو كەسێك دەتوانێت paltalk بكاتەوە و بچێتە تەواوی ژورەكان جگە لە ژووره كوردییەكان ، بەڵام دووای بەدواداچونێك زانرا كە بە تەوجیهاتی حیزبی حاكم لە سلێمانی كە بە كۆمپانیاكانی internet ی داوە ڕێگە گیراوە لەو كەسانەی كە دەیانەوی بچنە (room) ە كوردییەكانی paltalk وە ، ئەمەش یەكێكی ترە لە سەركوتی ئازادی ، ئەتوانم بڵێم ئەم هەوڵانەی دەسەڵات كە بەرامبەر بە نوسەران و میدیاكانی بینین یاخود بیستن دەیدات سەرەتای دەست پێكردنی ئەولیستە ڕەشەیە ، هەرچەندە یەكێتی و پارتی لەسەرەتای دەسەڵاتیانەوە بەردەوام سەركوتی ئازادییان كردووە و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و كۆمۆنیستەكان و ئەو كەسانەی كە بەدڵی دەسەڵات بیریان نەكردۆتەوە و نەیانخوێندۆتەوە و نەیان نوسیوە ، ئازار دراون و تیرۆر كراون و زیندانی كراون و بەر بە چالاكی سیاسی و تەواوی چالاكییەكانیان گیراوە ، بەڵام دەسەڵاتی كوردی ئێستا دەیەوێت لە ڕێگەی قانونێكەوە شەرعییەت بەو سەركوتگەرییە بدات و بەر بەو ڕەخنەو گلەی و گازندە و فشارانە بگرێت كەمیدیاكانی جیاواز لە دەسەڵات و ئازادیخوازان و یەكسانی خوازان هێناویانە بۆ دەسەڵات .

دەسەڵات هەتا خەڵكی بێ ئاگا بكات و بەربگرێت لەو میدیا و نوسەرانە و لەو حیزبانەی كە ڕەنگیان لە ڕەنگی زەردی ئەوان ناچێت ، هێندەی تر زەمینە لەبار دەكات بۆ سەروەت و سامان هەڵلوشینی خەڵكی ڕەش و ڕوتی كوردستان ، بەڵام بەهەوڵی چەندین ساڵەی یەكسانی خوازان و ڕۆشنبیران و كۆمۆنیستەكان تووانراوە تا ڕادەیەك خەڵكی كوردستان هۆشیار بكرێتەوە و ئەم نابەرابەری و نا عەدالەتییە قبوڵ نەكەن . بۆیە ئێستا دەسەڵاتی كوردی كەوتۆتە خۆی و ئەیەوێ مشورێ لە وەزعی خۆی بخوات ، دەسەڵات ئێستا دەیەوێت خەڵكی كوردستان جگە لە خۆیان گوێ بۆ كەسی دیكە نەگرن و بینەری هیچ میدیا و TV یەك نەبن جگە لەمیدیاكانی خۆیان و نوسینی هیچ كەس ولایەنێك نەخوێننەوە جگە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ و ڕۆژ نامەی خەبات .

جا بۆ ئەگەری ڕودانی هەر قانونێك یاخود هەر بڕیارێكی لەم شێوەیە پێویستی بەوەڵامدانەوەی بەهێزی یەكگرتوی ڕووناكبیران و یەكسانی خوازان و كۆمۆنیستەكان هەیە .